عەبدولڕحیم ڕەحمیھەكاری
تازەكەرەوەی شیعریئنوێی كوردی

د. فەرهاد پیربالْ

مامۆستا لە بەشی كوردی، كۆلێژی پەروەردە، زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر

ئەم تۆژینەوەیە هەوڵدانێكە بۆ ڕوونكردنەوەی ڕۆڵی شاعیری كەم ناسراو، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری (١٨٩٠ ـ ١٩٥٨)، لە بواری تازەكردنەوەی شیعری نوێی كوردیدا. ئامانجمان ئەوەیە كە بتوانین بسەلمێنین: دەوری عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری لە تازەكردنەوەی شیعردا بە چەند ساڵێك دەكەوێتە پێش هەوڵدانەكانی ڕەشید نەجیب، عەبدولڕەحمان بەگی نفووسی، شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران.

یەكەمین تۆژەر كە ناوی عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاریی هێنابێت محەمەد ئەمین بۆز ئارسلانە، ئەمەش كاتێ سەرجەم ژمارەكانی گۆڤاری (ژین)ی ئەستەمبۆڵی ١٩١٨–١٩١٩ كۆكردەوە و بە ئەلفوبێی لاتینی، لەگەڵ پێشەكیەك لە ئۆپسالا لە سوێد لە ساڵی ١٩٨٥چاپی دانەوە. ئینجا د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول لە كتێبی (ئەدەبیاتی نوێی كوردی) لە ساڵی ١٩٩٠دا ئاماژەیەكی بە ڕۆڵی ئەم شاعیرە نوێخوازە كردووە. پاشان حازم كلیچ زۆربەی بەرهەمەكانی لەگەڵ پێشەكیەك، بە ئەلفوبێی لاتینی، لە دانمارك لە ساڵی ١٩٩١ لە چاپداوەتەوە. هەموو ئەمانە، بێ ئەوەی بەشێوەیەكی فراوان و ئەكادیمی، لە تازەگەرێتی شیعرەكانی هەكاری و دەوری پێشڕەوانەی بكۆڵنەوە.كەواتە ئەمە یەكەمین جارە دەوری ئەم شاعیرە لە بواری تازەكردنەوەی شیعریدا دەخرێتە ژێر تیشكی تۆژینەوەی ئەكادیمیەوە.

پۆرترێت

عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەكاری(١٨٩٠–١٩٥٨) لە گوندی ئەلباكێ Albake كە بە (باشقەلاٚ) ناسراوە و ئێستا قەزایەكە سەر بە شاری(وان)، لە دایكبووە. باوكی، سەید محەممەد پرتەو، لە بنەماڵەی سەید عەبدولقادری گەیلانی بوو. دایكیشی، ئیمەتوڵلاٚ خانم، كچی حاجی تەییار بەگ، لە بنەماڵەی عەبباسییان بووە.(١) خوێندنی سەرەتایی لە گوندەكەی خۆیان، ناوەندیشی لە شاری(وان) تەواو كردووە. (دارالمعلمین)یشی هەر لەوێ تەواو كردووە، لەگەڵ وەرگرتنی ئیجازەی خوێندنی دینی لەسەر دەستی برای سەید عەبدولحەكیم، تەها ئەرواسی.

پاشان چۆتە(ئەنقەرە) و لەوێ لە(پەیمانگەی دارایی) خوێندوویەتی.خوێندنی بالأیشـی لـە زانکۆی (ئیلاهیـات) لـە ئەستەمبۆڵ تەواو کردووە.

خێزانی ناوبراو، ناوی هیدایەت عەزیز، لە بنەماڵەی بەدرخانیەکان بووە، دوو کوڕ و دوو کچیـان هـەبووە: پرتـەو، مـەتین، لەگـەڵ ژاڵـە و هاڵـە. پرتـەو لـە ١٩٨٧، مـەتینیش لـە ١٩٧٥ کۆچـی دوایی کـردووە. ژاڵـە ئێسـتا لـە ئەستەمبۆڵ، هاڵەش لە سوێد دەژی، کە خێزانی نووسەری شەهید(مووسا عەنتـەر)ە و لـە ١٩٤٤ شـووی پـێ کـردووە. هـەکاری لـە ناوەڕاسـتی سـاڵی ١٩٥٨ دا کۆچـی دوایـی دەکـات و لـە گۆڕسـتانی نـەجاتی بـەگ NecatiBegلە ئەستەمبۆل دەنێژرێت.(٢).

شاعیر بە چەندین ئیمزا و نازناوی جۆراوجۆرەوە بەرهەمەکانی خۆی بلاو دەکردەوە:

١- زاپسوو Zapsu. (عەبدولرەحیم زاپسو). (زاپ سـوو) بـە تورکی واتـە(ئـاوی چـەم)، یـان(ئـاوی زێـی زاب). ئەمەش بە ناوی زێیەکەی مەڵبەندی خۆیان کە دەرژێتە رووباری دیجلەوە.

٢- هـەکاری.(عـەبدولرەحیم رەحمـی هـەکاری). ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی سـەر بـە بنەماڵـە و مەڵبـەندی هـەکاریی کوردستانی تورکیا بووە.

٣- ژ مالا هەکاریان ع. رحمی. (٣)

__بلأوكراوەكانى__

ع. رەحمی هەکاری، جگە لە زمانی خۆی، ئەم زمانانەیشی دەزانی: تورکی، عەرەبی، فارسی، هەروەها رووسـی و ئەڵمانیش.(٤) بەڵام بەرهەم و کتێبی تەنیا بە زمانی کوردی و تورکی بڵاوکردۆتەوە. گرنگترینیان ئەمان:

١) لە ساڵی ١٩١٨ دا، واتە لە تەمەنی ٢٨ ساڵیدا، یەکەم بەرهەمی نووسەر: پارچە شیعرێکە بە ناونیشانی (بانگ)، لەلاپەڕە (١١)ی گۆڤاری(ژین) لە ئەستەمبۆڵ بڵاودەکرێتەوە.

لە ماوەی دوو ساڵی تەمەنی گۆڤاری ژین(١٩١٨-١٩١٩)، شاعیری ناوبراو(٢٠) پارچە شیعر بە زمـانی کـوردی (بە دیالێکتی هەکاری) بڵاودەکاتەوە (کە بابەتی ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمەن).

٢- لەسـەر لاپـەڕەکانی گۆڤـاری (ژیـن)دا، لـە مـاوەی سـاڵانی ١٩١٨-١٩١٩، سـێ چیـرۆك بـە زمـانی تورکی(کـە پاڵەوانەکان کوردن و رووداوەکان باس لە ژیانی کۆمەڵی کوردەواری دەکەن)؛ لەگەڵ حـەوت پەخشـانی هونـەری و وتاری جۆراوجۆر، لە ژمارەکانی ١،٢،٥،٦،٧،٨،٩دا بڵاو دەکاتەوە.(٥)

٣- شانۆنامەیەك بە ناونیشانی(مەمێ ئالان)، لە ژمارە (١٥)و (١٦)ی گۆڤاری (ژین)دا، بە زنجیرە، لە ساڵی ١٩١٩ دا بڵاودەکاتەوە، کە بەمەش ع.ڕ. هەکاری دەبێتە یەکەم شانۆنامەنووسی کورد کە شـانۆنامەی بـە زمـانی کـوردی بڵاوکردبێتەوە.(٦)

بەپێی پڕۆپاگەندەی(اعلان) بـەرگی دواوەی ژمـارە(١٢)ی گۆڤـاری ژیـن لـە سـاڵی ١٩١٩ دا: ئـەم شـانۆنامەیە لـە شێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆدا، لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبۆڵ چاپکراوە و نرخی(٥) قرووشی عوسمـانی بـووە.

بەمەش، شانۆنامەی (مەمێ ئالان) نووسراوی عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری، دەبێتە یەکەم شانۆنامەی کوردی کە بەشێوەیەکی سەربەخۆ لە نامیلکەیەکەدا چاپکرابێت.(٧)

٤- نامیلکەیەکی شیعری، بە ناونیشانی(گازیا وەلات)، لە ساڵی ١٩١٩ لە ئەستەمبۆڵ؛ کە لەژێر ناونیشانەکەیدا نووسراوە (مەنزووم، بەرهەڤۆکا هەلبەستێن کوردی). بە (٠١) قرووشی عوسمانی فرۆشراوە.

٥- عەقیدا کوردان(علم الحال) مەنزووما کوردی، لە ١٩١٩ لە ئەستەمبۆڵ چاپکراوە. نرخی(٥) قرووش بووە.(٨).

ناوبراو لە ماوەی ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٧ دا، (١٨) کتێبی بە زمانی تورکی لەبارەی(دیانەت و مێژووی ئیسلامەتی و لێکدانەوەکانی دینی ئیسلام) لە ئەستەمبۆڵ چاپ و بلاو کردۆتەوە. هەروەها(١١) کتێبی دیکەشی هەر بە زمانی تورکی، لەبارەی ئەخلاق و فەلسەفەوە، بە دەسنووس ماونەتەوە و هێشتا چاوەڕێی چاپن. هەروەها لە ساڵانی ١٩٤٠-١٩٥٠ دا گۆڤارێکیشی بلاوکردۆتەوە بە زمانی تورکی بە ناونیشانی Ehli Sunnet ئەهلی سوونەت، کە پازدە رۆژ جارێك، بۆ ماوەی حەوت ساڵان، لە ئەستەمبۆڵ بلاوکراوتەوە.(٩)

چالاکییەکانی

پێش ساڵی ١٩١٧، واتە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، عەبدولرەحیم رەحمی هەکاری، لە تەمەنی ٢٦-٢٧ساڵیدا لەگەڵ سەعید نوورسی، دەچێتە ریزی (برازی ئیسلامی)یەوە: هەر دووکیشیان پێکەوە لە جەنگی دەوڵەتی عوسمانیدا دژ بە رووسیای قەیسەری، دەچنە سەنگەرەکانی پێشەوەی جەنگ. لەوێ بریندار دەبێت، پاشان پێکەوە لەگەڵ سەعید نوورسی بەدیل دەگیرێن و بۆ ماوەی ساڵێك لە گرتووخانەیەکی نزیك چەمی ڤۆلگا volga لەناوچەی باتوم batum، لەناو عرووسان، بە دەسبەسەری ژیان بەسەر دەبەن. هەر لەوێش، لە ئەسارەتدا فێری رووسی و ئەڵمانی دەبێت.(١٠)

لەسەرەتای ساڵی ١٩١٨ دا، ع. رەحمی هەکاری دەچێتە ئەستەمبۆڵ، کە ئەو کاتە بەشێکی زۆری نووسەر و رووناکبیرە کوردەکان رژابوونە ئەوێ و ئەستەمبۆڵیان کردبووە پایتەختی ئەدەبی و هونەری و چالاکییە سیاسییەکانی ((خۆیان)). لە کۆتایی هەمان ساڵدا، لەگەڵ خەلیل خەیاڵی و مەلا سەعید کوردی(نوورسی)و هەمزە بەگی مووکسی و چەندانی دیکە، دەبێتە ئەندامێکی چالاکی رێکخراوی(کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان کە لە مانگی ١٩١٨/١١ دا لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا بوو. ئینجا بە ئاگاداریی مێژوونووسی ناودار، محەممەد ئەمین بۆزئارسلان: دەبێتە ئەندامی(کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد- هیوا/ جمعیت هیڤی گلبان) کە لەساڵی ١٩١٢ لە ئەستەمبۆڵ دامەزرا بوو.(١١) گۆڤاری ژین(١٩١٨/١١/٧- ١٩١٩/١٠/٢)، کە لە ما دوو ساڵدا، لە ئەستەمبۆڵ، (٢٥) ژمارەی لێ بلاوکرایەوە؛ ئۆرگانێکی نیمچە رەسمی(کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان) بووە. بۆیەش، دەبینین: عەبدولرەحیم هەکاری، بەردەوام، لە هەموو ژمارەیەکی ئەو گۆڤارەدا نووسینێك یان بەرهەمێکی هەیە. بە نووسەرە هەرە چالاك و دیارەکانی گۆڤاری (ژین) دەژمێردرێت.

ناوبراو، لە ژیانی خۆیدا، (١٥) ساڵ مامۆستا، (١٥)ساڵ کارمەندی دارایی بووە،(٧) ساڵیش سەرنووسەراتیی

گۆڤارێکی کردووە و ڕۆژنامەنووس بووە. نیوەی دووەمی ژیانی خۆی، لە کۆتاییدا، تەرخان کرد بۆ خزمەتکردنی دین و فەرهەنگی ئیسلامی. بۆیەش، لە ساڵی ١٩٥١ دا لەگەڵ وەفدێکی باڵای تورکیا چوو بۆ پاکستان بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە کۆنگرەی جیهانیی ئیسلامەتیدا.(١٢)

زەمینەی فەلسەفی و فیکریی شاعیر

دوو قۆناغی فیکریی جیاواز لە ژیانی سیاسی و ئەدەبیی شاعیردا دەبینرێن:

١) ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٣. ئەم قۆناغەی ژیانی سیاسی و ئەدەبیی شاعیر بە خەباتی ناسیوونالیستی و وڵاتپارێزی و کوردایەتی دەناسرێتەوە.

٢) ساڵانی ١٩٢٣-١٩٥٨.

لە ١٩٢٣بەولاوە، واتە دووای ئەوەی ئەتاتورك زمانی کوردی و کولتووری کوردی و ناسنامەی کوردی لە تورکیادا قەدەغە دەکات، ئیتر ئەم نووسەرە تێکشکاوە، وەك چەندین نووسەری کوردی دیکەی ئەستەمبوڵ(کە ئیعدام کران و زندان کران و دەربەدەرکران) نائومێد دەبێت و پشت دەکاتە کوردایەتی؛ ڕێگای خزمەتکردنی دین و ئیسلامەتی دەگرێتە بەر.(١٣)

کەواتە هەرەسهێنانی هیوای سیاسیی کورد بەدەستی ئەتاتورکەوە و لە پەیمانی لۆزان بەولاوە لە ١٩٢٣ دا، یەکێکە لەو هۆکارانەی کە عەبدولرەحیم هەکاری، چیتر وەکو ساڵانی ١٩١٨-١٩٢٣، ناسیوونالیستانە بیر نەکاتەوە، چیتر بە زمانی کوردی نەنووسێت و گۆرانی بۆ خەباتی نەتەوەیی نەڵێت. ناسینی زانای ناوداری کوردی ئیسلام، مەلا سەعید کوردی(نوورسی)، ئینجا ئیجازە وەرگرتنی خوێندنی دینی لە قۆناغی سەرەتاییدا لەسەر دەستی سەید تەها ئەرواسی، پاشان کە دەچێتە ڕێزی بزاڤی ئیسلامییەوە، لە کۆتایشدا کاتێ خوێندنی باڵا لە زانکۆی(ئیلاهیات) لە ئەستەمبوڵ تەواو دەکات.. هەموو ئەمانە بە چەند هۆکار و کەناڵێکی دیکە دەژمێردرێن بۆ پێکهێنانی بیرکردنەوەیەکی ئیسلامیانە لەلای ئەو لەبارەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی.(١٤)

بیرکردنەوە ئیسلامییە، وەك پاشان دەبینین، بەسەر بەرهەمەکانیدا ڕەنگ دەداتەوە.

زەمینە و کەناڵەکانی نوێخوازی لای شاعیر

کۆمەڵێك هۆکاری جۆراوجۆر هەن کە ڕۆڵی خۆیان دەبینن بۆ ئەوەی عەبدولرەحیم ڕەحمیی گەنج، لە ماوەی ١٩١٨-١٩٢٣ دا بە شێوەیەکی جیاواز بیر بکاتەوە و نوێخوازانە بڕوانێتە ژیان و کێشەی نەتەوەکەی:(١٥)

١: سەردەمی لە دایکبوونی شاعیر، لە ١٨٩٠ دا، سەردەمی سەرهەڵدانی بیری ناسیوونالیزمی کوردی و بزووتنەوە چەکداری و ڕاپەڕینە نیشتمانییەکانی کوردە:(١٦) شۆڕشی یەزدان شێر(١٨٥٣-١٨٥٥)، شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری(١٨٨٠) دامەزراندنی حزبی (ئیتحیاد و تەرەقی) لەلایەن دوو سیاسەتمەداری کورد (د. عەبدوڵڵا

جەودەت و د. ئیسحاق سکووتی) و داواکردنیان بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی دەستووری و دادپەروەر لە چوارچێوەی دەوڵەتی عوسمانیدا، راپەڕینی سمکۆ ئاغای شکاک لە کوردستانی ئێراندا(١٩١٣–١٩٢٥)، شۆڕشی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی(١٩٠٧–١٩١٤)، شۆڕشی شێخ مەحموود لە کوردستانی عێراقدا(١٩١٩) دەگاتە داخوازینامە نێودەوڵەتیەکەی ژەنەراڵ شەریف پاشا لە کۆنفرانسی ئاشتی لە پاریس لە ساڵی ١٩١٩ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی.(١٧)سەرهەڵدانی ئەم بیرە ناسیونالیستی و ئەم راپەڕینە نەتەوەییانە رۆڵێکی گرنگیان هەبووە بەسەر چاوکرانەوەی شاعیر بۆئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی جیاواز و تازە بڕوانێتە ژیان.

٢: هەر لە ئەنجامی ئەمەدا، دەبینین: لە ساڵی ١٨٩٨ بەولاوە تاکو ١٩٢٣ یەکەمین کۆمەڵە و رێکخراوە سیاسی و پیشەیی و ئافرەتانە و خوێندکارییە کوردییەکان، لەگەڵ یەکەمین رۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان ، پاشانیش یەکەمین چاپخانەی کوردی و یەکەمین قوتابخانە بە زمانی کوردی سەرهەڵدەدەن.(١٨)

ئەمانە هەمووی، بێگومان، کەم تا زۆر، کاریگەرێتی خۆیان نواندووە بەسەر بیرکردنەوەی شاعیر. تەنانەت بۆ خۆیشی بە شێوەیەکی راستەوخۆ لەناو رووداوەکاندا ژیاوە و ئەندامی دوو رێکخراوی خەباتگێڕی کوردی بووە و لە یەکێك لەو گۆڤارانەدا (لە گۆڤاری ژین ١٩١٨–١٩١٩) چالاکانە کاری کردووە.(١٩)

٣: لە سەردەمی گەنجێتیی شاعیردا، کوردستان بۆ یەکەمین جار لە مێژووی خۆیدا، دەرگا و پەنجەرەکانی خۆی بەسەر فەرهەنگ و ئەدەبیاتی رۆژئاوادا دەخاتە سەر پشت؛ سوود لە زمان و کولتوور و سیستەمی بیرکردنەوەی ئەورووپا دەبینێت. ئەمەش لە دوو کەناڵەوە بووە، کە هەر دوو کەناڵیش گرێدراوی یەکترن:

__کەناڵی یەکەم__: بەشێوەیەکی راستەوخۆ، لە رێگای زانینی زمانێکی ئەورووپییەوە بووە، بۆ نموونە: رەفیق حیلمی، مەمدووح سەلیم بەگ، میقداد–مەدحەت، د. عەبدوڵلا جەودەت، حوسێن حوزنی موکریانی، شەریف پاشا فەرەنسییان زانیوە و راستەوخۆ سوودیان لەو زمانە بینیوە.(٢٠) عەبدولرەحیم هەکاری–خۆیشی، رووسی و ئەڵمانیی زانیوە، هەڵبەتە کەم تا زۆر توانیویەتی شیعر و ئەدەبیاتی نەوژەنی ئەڵمانی و رووسی بەسەر بکاتەوە. کاریگەرێتیی ئەدەبیاتی ئەورووپا و سیستەمی مەعریفیی رۆژئاوا بەسەر نووسەر و رووناکبیرانی وەك عەبدولرەحیم هەکاری لە ئەستەمبوڵ لە ماوەی چارەگی یەکەمی ئەم سەدەیەدا نکۆڵی لێ ناکرێت. ئەوەتا گرووپی نووسەرانی(ژین)، لە ژمارە(١)ی گۆڤاری(ژین)دا لە ١٩١٨/١١/٧، لەژێر کاری کولتووری رۆژئاواییدا دەڵێن:

(ئایدیۆلۆژیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیە کۆنەکان، ئەمڕۆ، روو لە هەرەسن. ئێمە ئەمڕۆ بەشداری لە سازکردنی چەند رێباز و پرەنسیپێکی تازە دەکەین). (٢١)

جگە لەمە، ئەو بەڵگەیەش لە بیرنەکەین کە ئەم کاریگەرییە ئەورووپاییە راستەوخۆیە، بۆتە یەکێك لەو هۆکارانەی وایانکردوە کە عەبدولرەحیم هەکاری–خۆی، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبیاتی کوریدا، فۆرم و جۆرێکی نوێی هونەری بهێنێتە ناو ئەدەبی کوردییەوە و بە کوردانی بناسێنێت، کە ئەویش(شانۆنامە)یە و فۆرمێکی ئەدەبیی رۆژئاواییە.(٢٢)

__کەناڵی دووەم__: بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ، لە رێگای زانینی زمانی تورکییەوە. هەروەها ژیان لەناو کەشوهەوایەکی

شارستانیی پێشکەوتووی وەک ئەستەمبوڵ، کە ئەوکاتە بە (پایتەختی ئەدەبیات و هونەر) دەژمێردرا بۆ شاعیر و نووسەر و رووناکبیرە کوردەکان.(٢٣)

لە کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای ئەم سەدەیەدا، هەرچی بزووتنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و ئەدەبی و هونەری لە ئەورووپا دروست ببووایە، یەکسەر لە ئەستەمبوڵدا دەنگی دەدایەوە و بڵاودەبۆوە.(٢٤) بێگومان، ئەو نووسەرە کوردانەی لەو ماوەیەدا لە ئەستەمبوڵ ژیاون(پیرەمێرد، عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری، مستەفا شەوقی، محەمەد میهری...هتد) کەم تا زۆر هەر دەبێت کەوتبێتنە ژێر زەبری شەپۆڵەکانی ئەو پێشکەوتنە ئەدەبیانەی ئەورووپاوە، کە لە ئەستەمبوڵ بە زمانی تورکی دەگەیشتنە دەست کوردەکان. جگە لە شەپۆڵی ئەورووپا، کۆمەڵێك گۆڤاری هونەری و ئەدەبی تورکیش، کە لەژێر کاریگەرێتیی قوتابخانەی(ریالیستی)و (پەرناس)و ڕێبازە تازەکانی دیکەی ئەوروپادا بوون، لەو سەردەمەدا کاریگەرێتیی خۆیان بەسەر نووسەرە کوردەکاندا دەنواند، لەوانە:

- گۆڤاری (گەنج قەڵەملار/قەڵەمە گەنجەکان)، ئەستەمبوڵ: ١٩٠٨. سەرنووسەری ئەم گۆڤارە، رووناکبیری بە بنەچە کورد، زیا گۆگالب دیاربەکری بوو. لە کۆتاییدا، ئەم گۆڤارەش هەر کەوتە ژێر زەبری شەپۆڵی(فەجری ئاتی)یەوە.
- گۆڤاری(ێنی مەجمووعە/کۆمەڵەی نوێ)، ئەستەمبوڵ: ١٩٠٨. لەلایەن کۆمەڵەی ئیتحیاد و تەرەقی یەوە بڵاو دەبۆوە.
- گۆڤاری(سەروەتی فنوون) کە لە ساڵی ١٩٠٩ بەولاوە لە ئەستەمبوڵ کەوتە بڵاوبوونەوە، قوتابخانەیەکی ئەدەبیی دروستکرد بەناوی قوتابخانەی (فەجری ئاتی)یەوە. دیارترین نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە- کە لەم گۆڤارەدا بەرهەمیان بڵاو دەکردەوە- ئەمانە بوون: تۆفیق فیکرەت، ئەحمەد هاشم، خالید ئیحسان، فوئاد کۆپرلی.(٢٤)

جگە لە دەیان گۆڤاری گرنگی دیکەی وەکو(شهبال ١٩٠٩)، (اجتهاد ١٩١٨)، (شاعر١٩١٨)،(ئینجی ١٩١٩)،(تماشا مصور تیاترۆ ١٩١٨).

پیرەمێردی شاعیر، کە بۆ خۆی لە ماوەی ساڵانی ١٨٩٧-١٩٢٣ دا لە ئەستەمبوڵ، لەناو ئەم جموجۆڵە ئەدەبییەدا ژیاوە، شایەدیمان بۆ دەدات و دەڵێ:

((ئێواران، کە لە ئەستەمبوڵەوە بە واپۆر ئەگەڕامەوە بۆ لانەی سەعادەتی خۆم، کە ئوگگە بوو، وە کە سەروەتی فنوونم لە گۆگرتەی ئەو واپۆری سەر دەریای مەرمەرەیەدا ئەخوێندەوە؛ تەئسیری ئەو شیعر و ئەدەبیاتە لە سندبادی بەحری زیاتر ئەیخستمە سەر دەریای خولیاوە)). (٢٥)

پیرەمێرد، لە ئەستەمبوڵ، تەنانەت هاوڕێی نزیك و دراوسێی دوو کەڵە نووسەری ڕێبەری ئەم بزووتنەوە ئەدەبیەی تورکیا بووە: دراوسێی ئەکردم رەجایی زادە(کۆنە سەرنووسەری گۆڤاری ثروت فنون ١٨٩٦-١٩٠١)، هەروەها خالید زیا عوششاقی زادە، کە هەردووکیان لە یەك کۆڵان، تەنانەت لە یەك ئاپارتماندا، لەگەڵ پیرەمێرد ژیاون. پیرەمێرد لەم بارەوە دەڵێ:

((یەکەم جار لە ئوططە دراوسێی رەجایی زادە ئەکردم بەگ و عوششاقی زادە خالید بەگ و حسین رەحمی بـووم، رەزا تۆفیقیشیان پێ ناساندم. ئیتر کەوتمە بەهەشتی سەروەتی فنوونەوە)). (٢٦)
پیرەمێرد دان بەوەدا دەنێت کە زۆربەی نووسەرە کوردەکانی جیلی خۆی، لەژێر کاریگەرێتیی ئـەو کەشوهەوایەی ئەستەمبوڵەوە، کەوتنە سەر کەڵکەڵەی نوێخوازی و تازەکردنەوەی شیعری کوردی. لەم بارەوە دەڵێ:
((ئێمە، زۆرترمان، لەوێوە پێگەیشتووین)). (٢٧)
کەواتە ئەم رەوتە نوێخوازییەی عەبدولڕەحیم هەکاریش، کە لەم بیست پارچە شـیعرە بڵاوکراوەیـەی گۆڤـاری ژیـن (ئەستەمبوڵ: ١٩١٨–١٩١٩)دا هەستی پێدەکرێت، بەری داری ئەو روانینە نەوژەنەی هەکارییە، کە لەو ساڵانەدا، لەژێر کاریگەرێتیی جمۆجۆڵی هاوچەرخی تورکەکاندا، لە ئەستەمبوڵ، لای خەملێبوو.

نوێگەرێتیی شیعرەکانی

١– شاعیر بیست پارچە شیعری لە گۆڤاری ژین(٧/١١/١٩١٨– ٢/٠١/١٩١٩) لە ئەستەمبوڵ بڵاوکردۆتەوە:

- بانگ، ژمارە(١)، لاپەڕە(١١)، ٧ی چیریا پاشین: ١٩١٨.
- قەوی ب خارنا زەعیفان دژین، ژ (٢)،ل(١٤)، ١٩١٨.
- عەشقا وەلات، ژ (٣)، ل ١٤–١٥، ١٩١٨.
- دەستێ تەنێ دەنگ ژێ نایەت، ژ (٥)، ل ١٤،١٩١٩
- سەلا شەڤ، ژ (٦)، ١٩١٩.
- ژ بۆ نەسلا تێت، ژ (٨)، ل ١٦–١٨، ١٩١٩.
- بێ هیڤی نەبن، ژ(٩)، ل ١٤، ١٩١٩.
- زەنگ،ژ (١٠)، ل ١٢، ١٩١٩.
- نالینا سێویکی، ژ (١١)، ل ١٢، ١٩١٩.
- حی علی الصلاه، ژ (١٣)، ل ١٤.
- تەبریک، ژ (١٤)، ل (٢٢).
- نوور، ژ (١٥)، ل(٢٢).
- ژ بۆ شەریف پاشا، ژ(٢١)، ل ١٥–١٦.
- نەزانین، ژ (١٧)، ل (١٦).
- مرۆڤینەن ژ (١٨)، ل (١٦–١٧).
- لۆمە ژ بلبل، ژ (١٩)، ل ٢٠–٢١.
- ژ بۆ جڤاتا دایکان، ژ (٢٢)، ل (١٦).
- گازییا دویماهیکێ، ژ (٢٣)، ل (١٧).

- فیرقەت، ژ (٢٤)، ل (١٧).
- ویسڵەت، ژ(٥٢)، ل (٢٣-٢٤)، ئەستەمبۆڵ: ١٩١٩
- هەروەها پارچە شیعرێکی دیکە بە ناونیشانی (شەهیدێ کوردستان.. حەمزە) کە لە ١٧ی گوڵانی ١٩٢٠ دا نووسراوە.

لە سەردەمی پێش ع.ڕ. هەکاری دا، هیچ شاعیرێکی کورد نیە کە شیعری خۆی لە گۆڤارێکدا بڵاوکردبێتەوە. ئەگەر هەشبووبێت (لە گۆڤاری هەتاوی کورد و ڕۆژی کورد ١٩١٣ دا)، ئەوا ژمارەی شیعرە بڵاوکراوەکانیان تەنیا یەك یان دوو پارچە شیعر بووە. کەواتە ع.ڕ. هەکاری، یەکەمین شاعیری هاوچەرخی کوردە کە بەرهەمەکانی خۆی(بیست پارچە شیعری) لە گۆڤارێکی کوردیدا بڵاوکردبێتەوە؛ هەروەها گۆڤاری کردبێتە دەستاوەردێك بۆ گەیاندنی پرۆژەیەکی نوێکردنەوەی شیعری، لە بواری تازەکردنەوەدا.

٢- نووسەر لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا نامیلکەیەکی شیعری، بە ناونیشانی(گازیا وەلات) لە ئەستەمبۆڵ، لە ساڵی(١٩١٩) بڵاو کردۆتەوە، کە لەژێر ناونیشانەکەیدا نووسراوە (مەنزووم، بەرهەڤۆکا هەڵبەستێن کوردی). هەروەها، لە هەمان ساڵ و شوێندا کتێبێکی شیعری دیکەشی بە ناونیشانی(عەقیدا کوردان) بڵاوکردۆتەوە.(٢٨) بەم شێوەیە، دیوانی (گازیا وەلات) نووسراوی عەبدولرەحیم هەکاری، دەبێتە یەکەم دیوانە شیعری هاوچەرخی شاعیرێك کە خۆی لە ژیاندا بێت و دیوانەکەی چاپکرابێت.

لە سەردەمی پێش ع.ڕ. هەکاری، هیچ شاعیرێکی دیکەی کورد لە مێژووی ئەدەبیماندا نیە، کە لە تەمەنی(٢٨) ساڵیدا، یان لە هەر هەڕەتێکی دیکەی تەمەنی خۆیدا دیوانی خۆی لە چاپخانە چاپ و بڵاوکردبێتەوە و لە گۆڤارێکیشدا پڕۆپاگەندەی بۆ کرابێت! بەم شێوەیە، ناوبراو یەکەمین شاعیری کوردی سەدەی بیستەمە کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا، دیوانەکەی چاپ و بڵاوکرابێتەوە. ئەم دیاردەیەش، خۆی لە خۆیدا، دیاردەیەکی تازە و نوقڵانەیەکی مژدەبەخشی شاعیرە لەڕووی باوەڕهەبوون بە تازەکردنەوەی شیعرییەوە.

٣- لای هەکاری، دەبینین: بۆ یەکەمین جار شاعیرێکی کورد(ناونیشان) بۆ شیعرەکانی خۆی دادەنێت. ئەمە کارێکی تازەگەرییە، چونکە لە سەرتاپای شیعری سەدەکانی رابردووماندا دانانی ناونیشان بۆ بەرهەم نەبۆتە دیاردەیەکی باو. هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ تێکست دیاردەیەکی مۆدێرن و نەریتێکی مۆدێرنیزمی ئەورووپاییە. پەیڕەوکردنی ئەم نەریتە، بۆ یەکەمین جار لە مێژووی شیعری کوردیدا، بەڵگە و سەلمێنی ئەوەیە کە ناوبراو شاعیرێکی مۆدێرنێ بووە و پەیڕەوی مۆدێرنیزمی رۆژئاوای کردووە.

٤- ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی داهێنانی شیعری، هەبوونی ڕوانینێکی تاکڕەوانە و شەخسیی تازە بێت(کە پێشتر لە مێژووی شیعری ئەم گەلەدا بەدی نەکرا بێت)؛ ئەوا لەم حاڵەتەدا عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاری، لە بواری داهێنانی ڕوانینێکی شەخسییەوە، هیچی تازەی ئەوتۆی دانەهێناوە.

هەستی نەتەوایەتی و جۆشدانی خەباتی نیشتمانیپەروەری، کە لە زۆربەی شیعرەکانی هەکاری دا هەن، نابێت فریومان بدەن و وامان لێ بکەن کە ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی نەوژەن و تازە بزانین. ئەمەش چونکە، ئەم

دیاردەیە، هەر لە سەردەمی ئەحمەدی خانی یەوە، پاشان لای حاجی قادری کۆیی دا هەبووە. کەواتە، لەم رووەوە، تازەگەرییەکانی ع. هەکاری پێویستە لە چەند گۆشەنیگایەکی دیکەوە لێیان بکۆڵدرێتەوە.
شاعیر لە چەند سەرچاوەیەکی دینییەوە ئاوی خواردۆتەوە، بیرکردنەوەیەکی ئیسلامییانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی هەبووە: هەوڵی داوە تێگەیشتنە دینی و چەمکە ئیسلامییەکان لە بۆتەی بیری ناسیوونالیزمی کوردیدا بتوێنێتەوە؛ واتە ویستوویەتی دین و ناسیوونالیزم بەیەکەوە بلکێنێت. هەر ئەمەشە تایبەتمەندێتی روانینی هەکاری. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، واتە لکاندنی دین و هەستی نەتەوەیی، کە پێی دەڵێن((تەوفیقیەت))، لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا– لە کاتی داڕووخانی دەوڵەتی عوسمانیدا–، رەوتێکی باوی سەردەمەکە بووە و پێی گوتراوە (پان–ئیسلامی)کە لە پاڵ (پان– عوسمانی) و ناسیوونالیزم و عەلمانیەت، لە شێوەی چەند هێڵێکی تەریبدا دەڕۆیشتن. پارچە شیعرەکانی (بانگ)، (سەلایا شەڤ)، (بیێ هێڤی)، (حی علی الصلاه)، (نوور)، (نەزانین)....نموونەی دیاری ئەم جۆرە بیرکردنەوەن:

((ئەللاهو ئەکبەر)) دەنگێ مناری
((رابن)) دبێژن، هەر وەك هەواری

(بانگ)

ریا مە نها گرتی
ریا هەقە، بێ پەروا
تەسدیق دکەت هەر کەس
هەم رازییە پێ مەولا

(بێ هێڤی نەبن)

دەنگەك ژ مناری تێت
گازی دکەتن مەلا:
هشیار بن، رابن
دژمن نەکەت ئیستیلا.

(حی علی الصلاه)

دینا وەکی چێکر خوەدێ، بەهرا مە ژی دابوو
لاکین ژ نەزانین و جەهل، کانێ؟ فیدا بوو.

(نەزانین)

ع.ڕ. هەکاری، بیرێکی نەتەوەیی وشك و تیۆری دەرنابڕێت، بەڵکو ئەو بیرە نەتەوەییەی خۆی بەناو دیاردە هاوچەرخ و رووداوە هاوسەردەمەکانی خۆیدا دەگێڕێت و ئاگری ئەو هەستە شۆڕشگێڕ و راچەنیوە بە جۆشتر

دەکات. بۆ نموونە، کاتێ لە مانگی گولانی ١٩١٩دا لە ئەستەمبۆل (کۆمەڵەی پێشکەوتنی ژنانی کورد/ کورد قادینلار تعالی جمعیەتی) دادەمەزرێت لە پێناو گرێدانەوەی خەباتی ئافرەتان بە خەباتی نەتەوەییەوە، ناوبراو دەم و دەست شیعرێکی پڕ جۆش و خرۆش بە ناونیشانی(ژ بۆ جڤاتا دایکان) دەنووسێت؛ دەور و پایە و ماف و داخوازییەکانی ئافرەتی کوردی تێدا جوان دەکات. ئەم دەسپێشخەرییە بۆ بەسەرکردنەوەی ماف و داخوازییەکانی ئافرەتان، بە تازەگەرییەك دەژمێردرێت لەرووی ناوەڕۆکی شیعرییەوە. یان بۆ نمونە، کاتێ ژەنەڕاڵ شەریف پاشا لە ساڵی ١٩١٩، لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتیانەی ئاشتی لە پاریس نوێنەرایەتی کوردان دەکات؛ هەکاری بە پارچە شیعرێك، بە ناونیشانی(ژ بۆ شەریف پاشا)، ئەم هەڵوێست و ئاواتە نیشتمانیەمان، بەرز و جوان رادەگرێت و شایەدی لەسەر رووداوێکی سیاسی مێژوویی دەدات.

بەم شێوەیە، روانینی ع. رەحمی هەکاری هەمان روانینی ناسیونالیستانەی خانی و حاجی یە لە بەرگ و سەردەمێکی تازەدا. ناوبراو ویستوویەتی پەرە بەم بیرە بدات، مۆرکێکی رۆمانسیانەی بداتێ؛ لە رێگەی وەسفکردنی جوانیی سروشتی کوردستانەوە کەشوهەوایەکی نەتەوەیی رۆمانسیانە وێنە بکێشێ. لەرێگەی دەربڕینی جوانیی ولات و سروشتی ولاتەوە، شاعیر دەیەوێ ولاتمان لەلا شیرین بکات و هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانیمان زەرکەفت بکاتەوە:

بوهار هات، شین بوون گیا
جل بەرکرن، خەملین چیا
گەشتان بکەن سەر کانییا

(عەشقا وەلات)

دلۆ شا بە کو سەرسالە
د مێرگان سۆسن و لالە
گولان وێ گرتیە ژالە
تەبیەت صامت و لالە

(سەرسال)

بلبل، چیە نالییاوە هەردەم!
یان هوون ژی وەك مە بێ وەلاتن؟
حاشا نە وەکی مە هوون سەفیلن
هێلوون وە هەیە خودان کەلاتن

(لۆمە ژ بلبل)

ئەم تازەگەرییە، ع.ڕ. هەکاری لە ساڵی ١٩١٩ دا کردوویەتی؛ چەند ساڵێك دووای ئەو، ئنجا شاعیرانی کوردی عێراق: ڕەشید نەجیب، عەبدولڕەحمان بەگی نفووس، شێخ نووری شێخ ساڵح، گۆران، شوێن پێی هەڵدەگرن و هەر یەکە و بەپێی توانای خۆی، درێژەی پێ دەدەن. کەواتە، لێرەوە، دەوری پێشڕەوایەتیی عەبدولڕەحیم هەکاری لە تازەکردنەوەی شیعری نوێماندا دەردەکەوێت.

٥- بابەتی (سۆزی دوورەوڵاتی) لە شیعرەکانی(عەشقا وەلات)و(نەزانین)و (ویسڵەت)دا؛ هەروەها تێمی (بانگکردنی میللەت بۆ یەکیەتی و ڕاپەڕین و پێشکەوتن) لە شیعرەکانی (ژ بۆ شەریف پاشا) و (سەلایا شەڤ)دا؛ ئنجا بیری (زۆرانبازی لەپێناو مانەوەدا) لە شیعری (قەوی ب خارنا زەعیفان دژین)؛ هەروەها دەربڕینی هەستی باوکایەتی و چارەسەرکردنی پەیوەندیی نێوان باوك و ڕۆڵەکەی لە شیعری (بۆ نەسلا تێت)؛ یان داکۆکی کردن لە ماف و ئازادیی ئافرەتانی کورد و گرێدانەوەی بە خەباتی نەتەوەیی لە شیعری بۆ نموونە (جڤاتا دایکان)دا؛ لە کۆتاییشدا تێمە ڕۆمانسییەکانی وەك قسەکردن لە زمانی سێوێکەوە و قسەکردن لەگەڵ بولبول لە شیعرەکانی (نالینا سێوەکی) و (لۆمە ژ بلبل)... هەموو ئەمانە، ئەگەرچی لای شاعیرانی پێشوو هەندێکیان باسکراون؛ بەڵام هەکاری بە ئاواز و شێوازێکی جیاواز و نوێ دەیانچڕێتەوە. کەواتە، هێنانە ئارای بابەت و تێمی نوێ بۆ ناو شیعر، بەڵگە و نیشانەیەکی دیکەی نوێخوازێتیی شاعیرە.

٦- هەکاری، یەکێکە لەو شاعیرە نوێخوازانەی کە (یەکیەتیی بابەت) لە شیعرەکانیدا، بە پێچەوانەی شیعری کۆنمان، دیاردەیەکی دیار و فراوانە. بەڵگە و نموونەی ئەم ڕاستییە لە زۆربەی شیعرەکانیدا دەبینرێت. پێش هەکاری، ئەم دیاردەیە، لای شاعیرانی کورد، بەدەگمەن دەبینرا.

دابەشکردنی واتا بەسەر زیاتر لە بەیتێك و دوو بەیت، هونەرێکە بە دەگمەن لە شیعری کۆندا دەبینرێت. هەکاری، بە پێچەوانەی زۆربەی شاعیرانی سەردەمی پێشوو، توانیویەتی واتا و فیکرە بەسەر زیاتر لە بەیتێك پرژ و بڵاو بکاتەوە:

((ئەڵڵاهو ئەکبەر)) دەنگێ منارێ

((رابن)) دبێژت، هەروەك هەوارێ

((رابن)) دبێژت، وەقتێ سبێیە

ساحێب خەباتن، شەیتان ل بێیە

پاڤژ بکەن خۆ............ هتد

(بانگ)

هەروەها بڕوانە شیعری (ویسڵەت) و (فیرقەت) و (قەوی ب خارنا زەعیفان دژین).

٧- ئەگەر چاوپۆشی لە شاعیرانی دیالێکتی گۆران لە سەدەکانی ١٨و ١٩بکەین (بێسارانی، مەولەوی، وەلی دێوانە..)؛ عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری یەکەمین شاعیری سەدەی بیستەمە کە کێشی پەنجەی (کێشی ڕەسەنی

خۆماڵی) لە شیعری کوردیدا بەکارهێنابێت. لەم بوارەدا، د.عیزەدین مستەفا رەسوول لە لاپەڕە (٥١)ی کتێبەکەی خۆیدا (ئەدەبیاتی نوێی کوردی؛ چاپی هەولێر: ١٩٩٠)، ئەم شاعیرە بە ((رابەر)) دادەنێت و دەڵێ: ((پێش ئەوەی کێشی پەنجە لە شیعری شێخ نووری و گۆران و پیرەمێردا ببینین، هەر لە شیعری بیر روونـاك و رابەرێکی وەك عەبدولڕەحیم رەحمی هەکاریدا ئەم چەشنە کێشە دەبینین)).

د. عیزەدین لە تۆژینەوەکەی خۆیدا، کە وەزارەتی خوێندنی بالاّ و تۆژینەوەی زانستیی زانکۆی بەغدا بۆی چاپکردووە، چەند پارچە شیعرێکی بە ناونیشانی (حی علی الصلاه) بە نموونە هێناوەتەوە و پاشان لەبارەی شیعرەکانی ئەم شاعیرە رێبەرەوە دەڵێ: ((ئەگەر بەدووای کێشی ئەم شیعرانەدا بگەڕێین، ئەوا دەتوانین بە هەر دوو جۆر بیکێشین)). بۆ نموونە، ئەم کۆپلەیەی خوارەوە، بە حسابی کێشی عەرووزی، دەبێتە (موتەدارەك):

دەنگەك / ژ منا / رێ تێت

فعلن / فعلن / فعلن

گازی / دکەتن / مەللا

فعلن / فعلن / فعلن

بە حسابی کێشی پەنجەش، بەم شێوەیە دەبێت:

دەن – گەك – ژ – منا – رێ – تێت ٢+٢+٢

گا – زی ، دك – تن – مەل – لا ٢ +٢+٢

کەواتە وەك پێشتر د. عیزەدین مستەفا رەسوول ئاماژەی پێکردووە: عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری یەکەمین شاعیری سەدەی بیستەمە کە کێشی پەنجەی لە شیعری کوردیدا بەکارهێنابێت؛ لەم بوارەشدا دەبێتە ڕابەر.

٨– هەکاری لەو شاعیرە نوێخوازانەیە کە تەنیا لەسەر یەك جۆر کێش و یەك جۆری عەرووز کاری نەکردووە؛ بەڵکو ژمارەیەکی زۆر لە کێش و عەرووزەکانی تاقی کردۆتەوە:

- مستفعلاتن مستفعلاتن لە شیعری (بانگ)دا، کە ئەحمەدی خانی بەندێکی لە (نەوبەهار)دا لەسەر ئەم کێشە هەیە.
- مستفعلن مستفعلن .. لە شیعری (قەوی..).
- مفاعیلن .. لە شیعری (سەلایا شەڤ) دا.
- مفعولن مفاعیلن مفاعیلن فعولن.. لە شیعری (دەنگ) و (نەزانین)دا.
- مفعولن مفاعیلن مفعولن مفاعیلن .. لە شیعری (حی علی الصلاه)دا.
- کێشی رەجەز لە شیعری (عەشقا وەلات) کە سەرواکەی تەرجیعە؛ لە هەندێ شیعری مەلای جەزیری دا بەکارهاتووە.
- کێشی هەزەج لە شیعری (بۆ نەسلا تێت) کە مەم و زینی ئەحمەدی خانی، هەمووی لەسەر ئەم کێشەیە.

نموونەی هەشت برگەیی (٤+ ٤) لە شیعرەکانی ئەم شاعیرەماندا زۆرن، لە هەمان کاتدا ئەگەر بۆ کێشەکانی دیکەش بگەڕێین، نموونەیان هەر دەدۆزینەوە:

سبێ وەکی/ چوومە خەبات ٤+٤

قیزەك مە دیت / چۆلی دهات ٤+٤

یان:

ئەز مامە سێوی/ بێ دا و و بابم ٥+٥

خانیێ من سووتن/ ئەز مال خرابم ٥+٥

هەکاری، پێش گۆران کێشی (دە برگەیی) بەکار هێناوە، ئەمە جگە لە بەکارهێنانی جۆرەکانی دیکەی کێشی پەنجە، لەگەڵ مەسنەوی، رەجەز، چوارین، ، شەشینە (کە لەلای مەلای جەزیری زۆر بەکارهاتووە).

ئەم جۆراوجۆرێتییە، لە لای هەکاری، تەنانەت لەناو یەك تاکە شیعریشدا هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە لە شیعری(گازییا دویماهیکێ)و (بێ هێڤی نەبن)دا.

لە بواری بەکارهێنانی سەرواشدا، ع. رەحمی هەکاری لە هەندێ شیعرەکانیدا، جۆرە سەروایەکی تازە دادەهێنێ کە بەدرێژایی مێژووی شیعری کوردی نەدیتراوە، لەلایەن شاعیرانی پێش خۆی و سەردەمی خۆیدا بەکارنەهاتووە؛ بۆ نموونە ئەم جۆرە سەروایەی خوارەوە لە شیعرەکانی (گازییا دیماهیکێ) و (بێ هێڤی نەبن):

a..........................

b..........................

c..........................

b..........................

ئەمە جگە لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروا دەگمەنەی خوارەوە کە لە شیعری تازەکەرەوەکانی فەڕەنسیدا (بەتایبەتی لای رامبۆ) زۆر دەبینرێت:

a..........................

b..........................

a..........................

b..........................

بەم شێوەیە، بەکارهێنانی کێشی پەنجە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشدا جۆراوجۆرێتیی کێش لەلای ئەم شاعیرە، لە سەرووی هەمووشیانەوە داهێنانی سەروای تازە؛ سەرەتایەکی دڵخۆشکەر بووە (بە گوێرەی ساڵی ١٩١٩) لە تازەکردنەوەی شیعری کوردیدا.

٩- لە ئەنجامی ئەم تێکیشکاندنە جۆراوجۆرانە و لە ئەنجامی ئەم وردە لادانە شیعرییانەی هەکاری، دەبینین تۆپۆگرافیای شیعر لای هەکاری گۆڕانی بەسەردا دێت. دابەشبوونی پانتاییە رەشەکان بەسەر لاپەڕەی سپیدا، لای هەکاری، جیاوازە لەگەڵ ئەوانی کلاسیك؛ وەك لەم خشتەیەدا بە چەند نموونەیەك روونی دەکەینەوە:

نموونەی پێش هەکاری (کۆن):

a..........................
a..........................
b..........................
a..........................
c..........................
a..........................
d..........................
a..........................
f..........................
a..........................

نموونەی هەکاری (تازەبوونەوە):

a..........................
a..........................
b..........................
a..........................
c..........................
a..........................
d..........................
a..........................
f..........................
......
......
a......

یان لە شیعری (بانگ) دا:

a..........................
a..........................

b..........................
b..........................

c..........................
c..........................

d..............................
d..............................

f..............................
f..............................

شیعری (قەوی..):

a..............................
a..............................
a..............................
a..............................
a..............................

b..............................
b..............................
b..............................
b..............................
b..............................

c..............................
c..............................
c..............................
c..............................
c..............................

یان بڕوانە ئەم شێوەیە لە شیعری (دەستێ تەنێ دەنگ ژی نایەت)، کە تۆپۆگرافیایەکی تازەی هەیە:

a..............................
a..............
a..............................
a..............
b..........................

١٠– تاقیکردنەوی فۆرم و تەکنیکی تازەی شیعری، دیاردەیەکی دیکەی تازەگەراییە لای هەکاری. شیعری چیرۆک ئامێز، یان ئاخنینی چیرۆک لەناو شیعردا، هەروەها بەکارهێنانی دیالۆگ، قسەکردن لە زمانی سێوێکەوە یان قسەکردن لەگەڵ بولبول ... چەند دیاردەیەکی نەوژەن و تازەن لە شیعرەکانی هەکاری دا، کە پێش گۆران ئەم

کارانە ئەنجام دراون. بۆ نموونە بڕوانە شیعرەکانی:(قەوی ب خارنا زەعیفان دژین)، (عەشقا وەلات)، (ژ بۆ نەسلاتێت)، (نالینا سێوەکی)، (مرۆڤینە)، (لۆمە ژ بلبل)،(ژ بۆ جڤاتا دایکا).

١١-بەکارهێنانی وێنەی تازە، بەتایبەتیش بەکارهێنانی وێنە لەجیاتی ڕاستەوخۆگۆیی(مباشرە). شاعیر، بە پێچەوانەی کلاسیکەکان، لە جیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاپۆرتنووسانە ڕاستیەکت بۆ باس بکات، دێت لەجیاتی ئەم ڕاستەوخۆگۆییە بە وێنەیەکی شیعری قسەکەت بۆ ڕوون دەکاتەوە. هەکاری، لەجیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ باسی خەرابادی وڵات و وێرانبوون و هەژاری بکات، لە شیعری (دەنگ) دا دەڵێ:

پەز چونە، دەوار مرنە

لەجیاتی ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بڵێت (بەهاری کوردستان خۆشە و سروشتی کوردستان جوانە)، دەڵێ:

بوهار هات، شین بوون گیا.

کۆنید ڕەش، کەرێد پەز

جگە لە چەندان وێنەی شیعری تازەی ئەوتۆ کە نموونەیان لە سەدەکانی ڕابردوودا نابینین: (هەلکەن ژ بۆ خوە یەك چرا)، (تۆڤێ ڕەحمەتێ بچینن)، (ئەز مامە سێوی بێ دا و بابم)..

ئەنجام

(١)

لە ساڵی (١٩١٩) واتە ئەو ساڵەی کە عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، لە تەمەنی (٢٨) ساڵیدا، بیست پارچە شیعرە نوێخوازەکەی خۆی و دوو دیوانە شیعر بە ناونیشانی (گازیا وەلات) و (عەقیدا کوردان، مەنزووما کوردی) بڵاو دەکاتەوە: گۆران جارێ گەنجێکی (١٥) ساڵەیە و نازانێ ((شیعری نوێ)) چیشە! هەر لەو ساڵەدا، لەکاتێکدا ئەو هەموو شیعرە تازانەی (ع.ر. هەکاری) بەکتێب و بە بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری (ژین)دا، بڵاو دەکرێنەوە: شاعیرەکانی دیکەمان (ڕەشید نەجیب، شێخ نووری، ع.ب. نفووس...) جارێ هیچ شیعرێکیان، نە بە کتێب نەلە گۆڤار و ڕۆژنامەدا، بڵاو نەکردۆتەوە.

(٢)

لە ڕووی دەسپێکردنی بڵاوکردنەوە و گەیاندنی کاریگەرێتییەوە، بێگومان، عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری بە پێشڕەو لەقەڵەم دەدرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی شاعیرەکانی دیکەمان، بام لە (١٩١٩)دا شیعریشیان هەبووبێت ، بەڵام ئەو شیعرانەیان تەنیا بە دەسنووس ماونەتەوە، چاپ و بڵاو نەکراونەتەوە کە کار لە چێژی باوی شیعر دۆستان و شاعیرانی گەنج بکەن!

(٣)

لە ساڵی (١٩١٩)دا، لە کاتێکدا عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەناو جەرگەی ڕووداوە ڕۆشنبیرییەکاندا و لەناو دڵی جموجۆڵە ئەدەبییەکانی (فەجری ئاتی) و (سەروەتی فنوون) لە ئەستەمبوڵ لەناو نووسەرە گەنجە تورکەکاندا ژیاوە و ڕاستەوخۆ سوودی لە بەرهەمەکانیان وەرگرتووە: شاعیرەکانی دیکەمان (ڕەشید نەجیب، شێخ نووری، عەبدولڕەحمان بەگی نفووسی) لە دەشتی شارەزوور یان لە سلێمانییەوە، لە دوورەوە دەیانڕوانییە ئەو جموجۆڵە نوێخوازە هەڵیساوەی ئەستەمبوڵ! هەرچی عەبدوڵڵا گۆرانیشە، جارێ هێشتا بستێك لە (هەڵەبجە) دوور نەکەوتۆتەوە. (٢٩)

(٤)

کەواتە، دیسان، یەکەم شاعیرێکی هاوچەرخ (باسی سەدەی نۆزدەیەمی پیرەمێرد و حاجی قادری کۆیی ناکەین!) کە پێوەندیی بە کولتووری ڕۆژئاواییەوە کردبێت و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەهرەی لە جموجۆڵە فەرهەنگییە ڕۆژئاواییە نوێخوازەکان وەرگرتبێت و لەناویاندا ژیابێت: عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکارییە!
ناوبراو، لەچاو شاعیرەکانی دیکەمان، یەکەمین شاعیری کوردە، فێری زمانێکی ئەورووپایی (ڕووسی و ئەڵمانی)

بووبێت و سوودی لێیان دەبینێت بۆ دەوڵەمەند کردنی رۆشنبیریی شیعریی خۆی. بەکارهێنانی ژانرە تازەکانی وەك شانۆنامە و بەکارهێنانی دەیان زاراوە و وشەی تازەی وەك (پیەس)، (تیاتر)...تاد لە نووسینەکانی خۆیدا، کە بۆ یەکەم جار دەکەونە ناو زمان و وێژەی کوردییەوە، بەڵگەی ئەم راستییەن! (٣٠)

لە ئەنجامی ژیان لە ئەستەمبوڵ و فێر بوونی رووسی و ئەڵمانی و وەرگرتنی ئەو کولتوورە رۆژئاواییە بەشێوەیەکی راستەوخۆ، ع.ر. هەکاری دەبێتە یەکەم شاعیری هاوچەرخی کورد کەلە کولتووری ئیسلامی (عەرەبی-فارسی)یەوە بازبداتە سەر کولتووری رۆژئاوایی و لەهەمان کاتدا پێکەوەیان گرێ بدات و سوود لە دووەمیان وەربگرێت. ئەمەش بە ئاشکرا، تا رادەیەك، بەسەر تەکنیك و فۆرمی شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

(٥)

ع.ر. هەکاری، لە گەلێك بواری دیکەشدا بە رێبەری تازەکردنەوەی شیعری نوێ دادەنرێت: داهێنانی سەروای تازە، بەکارهێنانی کێشی پەنجە، بەکارهێنانی تێمی نوێ، فۆرم و تەکنیکی تازە، هەروەها یەکیەتیی بابەت. هەموو ئەمانەش کاریان کردە سەر گۆڕینی تۆپۆگرافیای شیعری لەلای هەکاری دا.

سەرچاوە:

1) Hazim kilic: Evdirehim Rehmiye HEKARY, Helbesvan u Nivisreki Welatparez, Wesanxana Xani u Bateyi, Danmark: 1991. R: 15-16.

٢) هەمان سەرچاوە

3) M. Emin BOZARSLAN: Jin (1918 - 1919) Wesanxana Deng, Uppsla, Swed: 1985 - 1987. 4 Cild

4) H. KILIC: E.R.HEKARI, R.49-52. 17

5) M. E. BOZARSLAN: Jin.

٦) فەرهاد پیربال: کورتە پێشەکییەك بۆ سەرهەڵدانی شانۆنامە لە ئەدەبیاتی کوردیدا، گۆڤاری(هیوا)، ژمارە (٨)، بڵاوکراوەکانی ئەنستیووی کوردی پاریس، پاریس: ١٩٩٣/١، ل ٥١-٧٢.

٧) د. فەرهاد پیربال: کرۆنۆلۆژیای شانۆی کوردی، گۆڤاری رامان، ژ(١٠)، هەولێر: ١٩٩٦، ل ٤-١٦

٨) گۆڤاری ژین ، ژمارە(٢١)، ئەستەمبوڵ: ١٩١٩، بەرگی دووەوە.

9) Abdulrahim ZAPSU: Diroka Islame ya Mezin (Buyuk Islam Tarihi.Wesanxana Sebil, Stanbol: 1975.

١٠)د. فەرهاد پیربال: ئەو نووسەرەی بۆ یەکەمین جار شانۆنامەی هێنایە ناو ئەدەبی کوردییەوە،

رۆژنامەی(برایەتی)، ئەدەب و هونەر، ژمارە(١٧)، رۆژی ٣/٤/١٩٩٨، ل ٨.

11) Jin, Cild I, R.27.

12) H. KILIC: E. R. HEKARI, R. 18.

13) D. Farhad Pirbal Omar: Les Sources de la nouvelle kurde, Memorire de DEA, Paris: 111.

14) Hamit BIZARSLAN: Traditionaisme ou Nationalisme, in CEMOTI, N.6, FNSP. Paris: 1998. P. 35-52.

15) Les Kurdes et le Kurdistan, Sous Le direction de Gerard CHALIAND, Ed.PCm.,Paris:1981, P. 42- 53.

16) Cristione MORE: Les Kurdes anjourd, hui,Ed. L, Harmatan, Paris: 1984. Pp. 47-62, 286.

١٧) البروفيسور م.أ. هسرتيان: كردستان تركيا بين الحربين ترجمه: د. سعدالدين ملا و باقى نازى، منشورات رابطة كاوا للشقافه الكرديه، دارالكاتب، بيروت: ١٩٨٧، ص ١٣- ٦١.

١٨) د. جليلى جليل: نهظة الأكراد الثقافية، ت: ولاتو، دمشق: ؟. هەروەها د. عبدالستار طاهر شريف: تاريخ الاحزاب و المنظمات الكورديه ١٩٠٨-١٩٥٨، شركه المعرفه. بغداد: ١٩٨٩.

19) M. E. BOZARSLAN. Jin, Cild 1, R. 8-10.

20) Farhad Omer: La Genese de la NouvelleKulde.These de Dictorat, Suis La direction de CH.H. DE FOUCHECOUR, PARIS 111. PARIS: 1994, PP. 42- 47.

٢١)حەمید بۆز ئارسلان لە تورکییەوە کردوویەتیە فەرەنسی، بڕوانە

Hamid BOZARSLAN: Le probleme national Kilde, Memoire de I, E.H.E.S., Sous La direction de M. Robert, Paris: 1986. PP.138- 140.

٢٢) د. فەرهاد پیربالْ: ع. رەحمی هەکاری، ئەو نووسەرە نوێخوازەی کە بۆ یەکەمین جار شیعری ئازادی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(٨٩٢)، هەولێر: ٦/١١/١٩٩٤.

23) Alessio BOMBACI: Histiire de La Litterature turque, Paris: 1968, p. 3-5.

24) Ahmed HACHM: Les tendance actulle de La Litterature turque, Mercure de France, N. 627, paris: 1924. PP. 641- 655.

٢٥) حوزەیرانی (١٩٤٩)

٢٦) هەموو ئەم نووسەرانە لە گۆڤاری(ثروت فنون)دا بەشداربوونە. هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٢٧) پیرەمێرد، رۆژنامەی(ژین)، ژمارە(٨٩٣)، سلێمانی: ١٩٤٧.

28) H. KILIC: E.R. Hekari, R 53- 54.

٢٩) رەفیق حلمی: شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی نوێ: مطبعة التعليم العالی، اربیل: ١٩٨٨، ل ١٤٨.

۳۰)د. فەرهاد پیربالۆ: ه. ڕەحمی هەکاری، ئەو نووسەرە نوێخوازەی کە بۆ یەکەمین جار شیعری ئازادی هێنایە ناو ئەدەبیاتی کوردییەوە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(۸۹۲)، هەولێر: ٦/١١/١٩٩٤.

پاشکۆ(١)

بیست پارچە شیعرەکەی

عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری (۱۸۹۰– ۱۹۵۸)

ئەم بیست پارچە شیعرەی لێرەدا بەرچاویان دەخەین، بریتین لەو شیعرە نەوبینانەی شاعیری نوێخواز، عەبدولرەحیم ڕەحمی هەکاری (۱۸۹۰– ۱۹۵۸)، کە چەندین سالۆ پێش شێخ نووری شێخ سالح و گۆران ((ئالأی تازەکردنەوەی)) بەرزکردۆتەوە و ئەم بیست پارچە شیعرەی لە ژمارەکانی گۆڤاری ژین (ئەستەمبۆل: ۱۹۱۸– ۱۹۱۹) بلاو کردۆتەوە: لەوانەیە هەمان ئەم بیست پارچەیەش، لە دیوانەکەیدا هەبن. ئێمە بۆ خستنە سەر ڕێنووسی کوردیی ئەمڕۆ، سوودمان لەم دوو ساغکردنەوەیەی خوارەوە وەرگرتووە کە لە دەفری ڕێنووسی کوردی بە لاتینی ئەنجام دراون. پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێ کە کاتی خۆی، لە ساڵی۱۹۹۹ دا، دووای ئەوەی ئەم بیست پارچە شیعرەمان لە ژمارەیەکی گۆڤاری (رامان)دا لە هەولێر بلاوکردەوە، برای بەڕێزم، شەوکەت سندی، دووای چەند مانگێك، ئەم شیعرانەی لە تویی کتێبێکدا بە چاپ گەیاند، بێ ئەوەی ئاماژە بە کارەکەی پێشووی من بدات.

شیعری بیست و یەکەم، بە ناونیشانی (شەهیدێ کوردستان .. حەمزە) کە بۆ نووسەری شەهید، هەمزە بەگ مۆکسی نووسراوە، لە ٦ی گولآنی ۱۹۲۰ دا نووسراوە؛ لە گۆڤاری (ژین) دا نیە.

(1): Jin (1918- 1919), M.E. BOZARSLAN, 4 Cild, Wesanxana Deng, Uppsala: 1985- 1987.
(2): Hazim KILIC: Evdirehim Rehimiye HEKARI, Wesanxana Xaniu Bateyi, Danmark: 1991.

بانگ

هشیار بووم ئەز، دنیا هەمی کەڕ

ب دەنگێ مەلایێ ((ئەللاهو ئەکبەڕ))

((ئەڵلاهو ئەکبەڕ))دەنگێ مناریێ
((ڕابن)) دبێژت، هەر وەك هەواریێ

((ڕابن)) دبێژت، وەقتێ سبێیە
ساحب خەباتان، شەیتان ل پێیە

مەغلووب نەبن هوون ژ دەستێ لەعینێ
بۆنا خوەدێیە، ڕابن ب چینێ

پاقژ بکەن خۆ ژ کێمێ و قرێژێ
حازر ببن هەم بۆنا نوێژێ

حازر ببن وە عەفوا قوسووران
کو خالقێ وە، وە دخوازت دیوان

وەخت تەنگە، لەزکەن، بگەهنە مزگەفت
ل پەی مەلاییێ، هێژ ڕۆژ نە دەرکەفت

ئەمرێ خودێ خوە ئەم پێکڤە بینن
جا خەلق نەبێژت ((بێ حس و دینن)).